هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٦

بەرگی شانزدەیەم - ١٩٩٧

---

چاپی یەکەم ١٩٩٨

# پێرست:

وتەیەکی پێویست ـــــــــــــ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١١/٢٤ ـــــــــ ل٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١١/٢٥ ـــــــــ ل١٠١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٢٨ ـــــــــ ل١٤٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٢٩ ـــــــــ ل٢٩٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٣٠ ـــــــــ ل٣٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٣١ ـــــــــ ل٤٦٥

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٢)

## دووشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٧/١١/٢٤

*كاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٧/١١/٢٤ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری، دانیشتنی ژمارە (١٢)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٧)ی خۆی بەست.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.*

*بەرنامەی كار:*

**١ـ تەواوكردنی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی وەستاندنی كاركردن بە یاسای ژمارە «٢»ی ساڵی ١٩٩٢و، لە غوكردنی «الغا»ی یاسای ژمارە «١٩»ی ساڵی ١٩٩٣ كە بەپێی نووسراوی ژمارە «٥٢٩٣»ی ڕۆژی ١٩٩٧/١١/١ی ئەنجوومەنی وەزیران بۆمان هاتووە.**

**٢ـ گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری جیاكردنەوەو كوژاندنەوەی مافی بەكارهێنانی زەویوزار (الافراز واطفاء الحقوق التصرفیه للاراضی).**

**٣ـ گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی بەرابەركردنی بڕوانامەی قوتابخانە ئایینیەكان بۆ قۆناخەكانی ناوەندیی و ئامادەیی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بە بڕوانامەی خوێندنی ناوەندیی و ئامادەیی سەر بە وەزارەتی پەروەردە.**

**٤ـ گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری (گەیاندنی تەمەنی خانەنشینی زۆرە ملێ سەبارەت بە نۆژداران و پزیشكانی ددان و دەرمانسازان «صیدلی»یەكان لە «٦٣»ـەوە بۆ «٦٨» ساڵی).**

**٥ـ گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای كۆڕی زانیاری كورد كە بەپێی نووسراوی ژمارە «٥٣٠٥»ی ڕۆژی ١٩٩٧/١١/٢ لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكات، بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان دانیشتنی ١٢ لە ١٩٩٧/١١/٢٤ بریتییە لە پێنج خاڵ، خاڵی یەكەم تەواو كردنی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی وەستاندنی كاركردن بەیاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، وهەڵوشاندنەوەی واتا (الغاء)كردنی یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ١٩٩٣، كە بەپێی نووسراوی